عێراق گفتوگۆکانی لەگەڵ نێردەی پسپۆڕانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە عەممان کۆتایی هات

ئەمڕۆ پێنجشەممە، شاندی عێراق بە سەرکایەتی تەیف سامی وەزیری دارایی، کۆتایی بە گفتوگۆکانی لەگەڵ نوێنەرایەتی مادەی چوارەمی پسپۆڕانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە عەممان هێنا.

وەزارەتی دارایی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: ئەمڕۆ پێنجشەممە، شاندی عێراق بە سەرکایەتی تەیف سامی وەزیری دارایی، کۆتایی بە گفتوگۆکانی لەگەڵ نوێنەرایەتی مادەی چوارەمی پسپۆڕانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە عەممان هێنا، کە لەو ماوەیەدا جەبەجەکردنی بەرنامەی چاکسازی ئابووری و ئەو پشکۆتنانەی لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بەدەست هاتوون لە بواری ژێرخانی گشتیدان، بەردەوامیی دارایی، و زەرترین داهاتی غەیرە نەوت پێداچوونەوەیان بە کرا.

بەپێی بەیاننامەکە، شاندی عێراق دووپاتیکردەوە: کە سندوقەکە بەبێنی داوە پاڵپشتی لە بەرنامەکانی گشتیدان بکات بە پشخستنی بەڕێوەبردنی دارایی گشتی و گەیینی دیجیتاڵی و بانکی و خانەنشینی و کەرتەکانی گومرگی، هەروەها بەرزکردنەوەی هەوڵەکانی بشداریکردنی کەرتی تایبەت لە ڕێگەی هاندانەکانی وەبەرهێنان و ژێرخانی و ئاودانکردنەوە، هەروەها ئاماژەیکرد: بە بەردەوامبوونی گفتوگۆ و هاوکاریەکان لە کاتی کەبوونەوە ساڵانەی سندوقەکەدا.

هاوکات نێردەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، ستایشی پشکۆتنە باشەکانی کرد لە زەر لایەنی دارایی و

نەختینەیی لە بوارەکانی شەفافیەت و کۆنترۆڵکردن و دابینکردنی بەیاننامە داراییەکان و لێکدانەوەی خەرجییەکان، جگە لە گۆڕانەوەی گەشەی کەرتی نا نەوتی بە شێوەیەکی بەهێز لە ماوەی ساڵی 2023 دا لەگەڵ دابەزینێکی بەرچاوی ڕێژەی هەڵئاوسان و ڕێنگدانەوەی لەسەر دابەزینی نرخی خەراك و وزە.

هەروەها نەردەکە ئاماژەیکرد: بە پەشهاتە ئەرێنییەکانی گۆڕانەوەی ئەپەراسیۆنەکانی دارایی بازرگانی بە ڕێوەی ئاسایی خەیان و سەقامگیری بازاڕی ئاوگۆی دراوی بیانی دوای جێبەجێکردنی کۆنترۆڵی دژە سپیکردنەوەی پارە و دژە تیرۆری دارایی لەسەر پارەدان لە سنوورەکانەوە.

هەروەك پەشوازی لە پلانەکانی حکومەت کرد کە ئامانج لێی بەهێزکردنی بەڕێوەبردنی دارایی گشتییە، لەوانە پەشوازیکردن لەو هەنگاوانەی کە حکومەت گرتوویانەبەر بەرەو دامەزراندنی هێزماری گەنجینەی یەکگرتوو، باشترکردنی بەڕێوەبردنی نەختینەیی و زیادکردنی بنەمای باج، هەروەها پەداچوونەوە بە پەکهاتەی گومرگی و بەدەستهێنانی زیاتر ئامانجگرتن لە پشتیوانی و چاودێری کەمەایەتیدا.